**Anfal Center**
To Follow up the Destiny of Anfalized and Missed People of Kurdistan

**سەنتەری ئەنفال**
بۆ بەدواداچوونی ئەنفالکراوو بێسەروشوێنەکانی کوردستان

## بەياننامەی ( سەنتەری ئەنفال ) لەيادی كيمياباارنكردنی هەڵە بجەدا

(1988/3/16) گەورەترينو ترسناكترين كارەسات بوو لەمێژووی مرۆڤايەتيدا، كەلە كۆتايی سەدەی بيستەمدا ئەنجامدرابێت. كيميابارانكردنی هەڵەبجە بەفەرمانی تاوانباری گۆڕبەگۆڕ (علی حسن المجيد) بەچەند فڕۆكەيەكی سەربازی لە كاتژمێر (11)ی پێش نيوەڕۆ كە لەئەنجامدا نزيكەی(5000) هاووڵاتی لە ژن و منداڵ و پير و گەنج بوونە قوربانیو نزيكەی(10000) بريندار و (70000)ی تريش ئاوارەو دەربەدەر بوون. لەئەنجامی ئەم كارەساتەدا ژينگەی هەڵەبجەو ناوچەكەش بەهۆی كاريگەری كيمياباارنەكە پيس بوو، دواتر بەدوای خۆيدا چەندين كاريگەری بۆ رۆڵەكانی داهاتووی جێهێشت لەوانە نەخۆشی نەزۆكیو كوێربوونو جەستەيیو دەروونی و دابڕان لە خێزان و شيرازەی خێزانە رزگاربووەكانيشی شێواند.

لە دوای رووخانی رژێم هەڵەبجە و ئەنفال و راپەڕين بوون بە سومبولی ناساندنی گەلی كوردستان و كێشە رەواكەی، هەڵەبجە بوو بە مايەی گۆڕينی هاوكێشە سياسەكانی ناوچەكەو كوردستانی زياتر بەدونيای دەرەوە ناساند، بۆيە بووە دەستە خوشكی هێرۆشيما و ناكازاكی. حكومەتی هەرێم ساڵانە وەك وەفايەك بۆ شەهيدانی هەڵەبجە لە سەرتاپای كوردستان بۆ ماوەی پێنج خولەك بێدەنگی لەسەرجەم سارەكان رادەگەيەنێ.

ئێمە لە(سەنتەری ئەنفال) لەم رۆژەدا هاوخەمی خۆمان بۆ سەرجەم كەسوكاری قوربانيان لەئاست گەورەيی كارەساتەكە دەردەبڕينو پشتگيری لە سەرجەم مافەرەواكانی كەسوكاری قوربانيان دەكەينو داواكارين بەزوترين كات قەرەبوی ماددیو مەعنەويان بكرێتەوەو بەركەوتوانيان بەزووترين كات چارەسەر بكرێن، كاری بەپەلەبكرێت بۆ ئاوەدانكردنەوەو گەياندنی خزمەتگوزاری پێويست بۆ سنووری هەڵەبجە. بەردەوام هاوكارو هاوخەمين لە هەرچی زووە لەبەجينۆسايد ناساندنی تاوانی كيميابارانی هەڵەبجە وشوێنەكانی تر. دەستخۆشی لەبڕيارە بوێرانەكەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەين لە واژووكردنو بڕياردان لەبەپارێزگا كردنی هەڵەبجە لەرۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2014/3/13 كە ئاواتو خەونی زۆربەی هاووڵاتيانی هەڵەبجە بوو. هيوادارين بەم بڕيارە كەمێك لە ئازارو مەينەتيەكانی دانيشتوانەكەی چارەسەر بكرێت، تا هەرچی زووە سەرجەم خزمەتگوزاريەكان بۆ دووبارە ئاوەدانكردنەوەی هەڵەبجە بەزووترين كات ئەنجامبدرێت.

**هەزاران سلاو بۆ گيانی پاكی شەهيدانی كيميابارانی هەڵەبجە وئەنفالو سەرجەم شەهيدانی رێگای رزگاری كوردستان.**

**سەنتەری ئەنفال**

**2014/3/16 هەولێر**

Kurdistan Region-Iraq, Erbil, Behind Chwarchra Hotel
E-mail: anfalcenter@yahoo.com
Mob.: 00964 750 445 1836

هەرێمی كوردستان – هەولێر، پشت هوتێلی چوارچرا